کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-10-2007 17:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ماڵپەڕی ڕابونیش وەکوو مەلا (عەبدولخالق) خەونی جرناو فرنا دەبینێت!! ... باوکی شازاد**

خوێنەری بەڕێز دیارە لەو ڕۆژانە دیسان گەڕاوینەتەوە بۆکاتی چەرخەکانیی ناوەڕاست ئا ئەوەتە مەلا خەونی کابرای عارەبمان بۆ دەگێریتەوەو سایتی ڕابونیش خەونی برادەرێکی ریفۆرم خوازمان بۆ دەگیرێتەوە، بەڵام زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو دوو خەونە بێ سەروبەرە، لەبەر ئەوەی خاوەنی خەونی یەکەم کە ئیمامی مزگەوتی ڕۆناکیە کابرایەکە دیارە ئاستی ڕۆشەنبیری هەر ئەوەندە بڕ دەکات، وەیان وا تیگەیەنراوە کەبارو دۆخ لە کوردستان بەو شێوەیە کە منێڵە جولەکەکان نایەلن (پێغەمبەری ماسڵمانان درودی خوای لە سەر بێت) بگاتە هەولیرو تۆزێک ئیسراحەت بکات، کە ئێمەی موسلمان بە باشی دەزانین ئەوە بەشیکە لەو خورافاتانەی کە تازە هاتونەتە ناو بیرو باوەڕی ئیسلام کە بەداخەوە لە زەرەر زیاتر هیچ ناگەیەنێتت بەو ئاینە پیرۆزە، هەروەک دەبینین پیاویکی جاهیلی ریش پان دێت گەنجێکی تەمەن تازە پێگەیشتوی مێرمنداڵ بە چەند دانیشتنێک لە خشتە دەبات و بە درۆو دەلەسەی شاخدارەوە وەعدی بەهەشت و 77 حۆریەکەی پی دەدەن ئەو گەنجە بەدبەختەش چەند کیلۆ تیئینتیەک لە خۆی دەبەستیت دێت لە ناو کۆمەڵێک موسڵمانی وەکو خۆی جەستەی خۆی دەتەقێنێتەوە، هەر وەک ئەو کەسەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی تەقاندەوە کە گوایە لەو ساختمانە خەڵکی جولەکەی لێیە، باشە چاک نەبو مەلاش بە خۆی و چەند کیلۆ تەقینەوەیەک نەهات لە ناوەندی بازاڕی شاری هەولێری خۆشەویست خۆی نەتەقاندۆتەوە، دەبێ زۆر مەمنونی مەلا بین لەجیاتی خۆ تەقاندنەوە هاتوە لە مزگەوت کوڵی دڵی خۆی دارشتووە هەرچی لای بوە بۆ خەڵک هەڵی ڕشتوە، ئێ خۆ خۆشتان دەزانن پاس دوو دانە ساڵ لە سەر ئەو خیتابەی مالا تێپەڕ بوو، هێشتا دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێی نەزانیوە، هەتا لە سایتی ئاوێنەو پەیامنێر بڵاو نەکرایەوە وچاوپێکەوتنێکیس لە گەڵ مەریوان نەقشەبەندی ساز کرا لە تەلەفزیۆن ئینجا ئاسایش بە کاری پێویست هەڵسا، ئەویش بە شیوەیەک بڵاو کرایەوە، بوو بە هۆی مایەی شەرمەزاری بۆ دەزگای ئاسایش کە یەکسەر بەبێ ئەوەی بزانن کەی ئەو شتە رویداوە زۆر مەردانە هەڵیان کوتایە سەر ماڵی مالا بە نویژی نیوەڕۆ لە پێش چاوی ماڵ و منالی مالایان پەل بەست کردوو بە چاوبەستراوەیی و پەل بەستراوەیی بن بزریان کرد وەڵاهی ئافەرین بۆ ئێوە وا بروسکە ئاسا ئەو فەرمانەتان جێ بەجێ کرد ئەو کارە فیلە تەنە هەر لەخۆتان دەوەشێتەوە ئاسایشی هەرێم، لەبەرئەوەی کە وەزارەتی ئاوقافنایەوێت ئەو شەرمەزاریە بۆ ئەوان بگەڕێتەوە یەکسەر پاشگەز بونەوە لە هەموو ئەو سەرنجانەی کە دەریان بریبوو لە سەر مەلای پیرە ئیرهابی بەبێ شک ئەگەر مەلا نەکوژرابێت باش چەند ڕۆژی تر کەڵاباب ئاسا دێتەوە سەر مینبەری مزگەوتی ڕۆناکی دەست دەکاتەوە بە هاوار هاوارو دیسان خەڵک دەهێنێتەوە گریان و تەکبیر لیدان، کە چۆن بردیان و چەندە بێڕێزیان پێکردوە بەڵام لەبەر ئەوەی هیچی لەسەر نەبوو ئازادیان کرد بەرامبەر بە نوسینی پیماننامەیەک، تەنها ئەگەرلە ڕۆژانی داهاتوو دەزگای ئاسایش لە ناو ژورەکانی پاڵتاک شریتەکەمان بۆ لێبدەنەوە بزانن مەلایان بە چ دەردێک بردوە لەبەر ئەوەی دیارە نهینیەکانی حکومەتی هەرێم زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە دەست خەلکانی تایبەت.

بەهەرحال با بێینەوە سەر سایتی ڕابون باشە بەڕێزان خۆ ماشەڵڵا ئێوە هەموتان خۆتان بە نەوەی مارکیس و لینین و ئینگلیز دادەنێن چیتانداوە لە خەون و شتی حەلەق و مەلەق دەبێ ئێوە لە جیاتی ئەو خەونە جرناو فرنایانە شتی زانستی بڵاو بکەنەوە، نابێ باسی شتێک بکەن کە زۆر دورتریشە لە خەونی کابرای عارەب کە سەری مەلای لە قورنا، ئێوە لە خەونەکانتان باسی کەسانێک دەکەن کە سەرو سمیڵیان بۆیە کردۆتەوە!!!! ئەی باش ئێوە نازانن یان خۆتان لە گیلی دەدەن؟؟ یەکێتی نیشتمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان بەهۆی ئەو سمێل بۆیە کراوانەبوو کە مێژوی شەرەفمەندیان بۆ گەلی کورد تۆمار دەکرد، کاتی خۆی ئەوانەبوون کە گەنجایەتی خۆیان کردبوە بە فیدای نیشتمانەکەیان ئەوانە هیچ خێرو خۆشیان لە خۆیان نەدیت، ئەگەر لییان بپرسیت کاکە چ یادەوەریەکت هەیە لە بارەی کاتی لاوی و گەنجایەتی، کاکی پیشمەرگەی دێرین چەندی سەری خۆی دینێت ودەبات هیچی بە خەیاڵدا نایەت تاکو بۆیان بگێڕێتەوە ناچار دەڵێ برای بەڕێز لە بەر ئەوەی من عاشقی کوردستان بووم، بۆیە نەمتوانی سۆزی خۆم بدەم بەکەسێکی تر تەنها بەشی گەل و نیشتمانم پێ بوو، بۆیە داوای لێبوردنت لێ دەکەم وەرە لێم بپرسە چیت کردوە لە ڕیگای عێشقی وولاتەکەت ئینجا دێمە وەڵام و هەموو باسی گانجایەتی خۆمت بۆ باس دەکەم، بۆیە من پێتان دەڵێم شەرمە بۆ ئێوە لە جیاتی ڕیز لێنان لە شۆڕشگیرە کۆنەکان دێن باسی سەرو سمێڵی بۆیە کراویان دەکەن، وە ئەگەر مەجالێکیش وەر بگرن وەکوو مام غەفوریان لێ دەکەن بە درۆ چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ساز دەکەن بۆ ئەوەی دڵی خەڵکیان لی زیز بکەن و سوکایەتی بە کەسانێک بکەن کە ئیمڕۆیان دروست کرد بە خوێن و ئارەقی لەشیان بەسیەتی واز لەم جۆرە کارانە بینن وەرن با ئامۆژگاریەکتان بکەم گوی لە مامی خۆتان بگرن، ئەگەر دەرگا هەبوو پێویست ناکات ئێوە لە پەنجەرە بێنە ژورەوە، دوایی ئەگەر خاوەنماڵ لیتان بە ئاگا هات بە دزتان لە قەڵەم دەدات، ئەوساکە زۆر زەحمەت دەبێت کەس بتوانێت هاریکاریتان بکات و یارمەتیتان بدات بۆ ڕزگار بونتان لەو میحنەتەی کە تیی کەوتونە، ئەگەر دەڵێن ئیمەش وەکوو دزەکانی کوردستان دەکەین بۆ کەس نیە ئەوان موحاسەبە بکات، من پێتان دەڵێم پەلە مەکەن ئێوە وەرنەوە سەر ڕیگای ڕاست واز لەو کارە دزێوانە بێنن هەقی دزە گەورەکانتان نەبێت ئەوان ئەگەر ئیمڕۆش کەس نەبیت لێیپێچینەوەیان لە گەڵ بکات ئەوا مێژوو هەرگیز لێیان خۆشنابێت دزوو گەندەڵەکان داخاتە نیو زبڵدانە گەورەکەی خۆی.

بەڕیز مام جەلال ئەو کەسەبوو کە مامۆستاکانی ئێوەشیان فێری کوردایەتی کرد وە زۆربەی ئەوانەی ئێوە فەخریان پێوە دەکەن هەر هەموویان دەرچوی خوێندنگای ئەو مامۆستایە بلیمەتە بوون، خۆشتان باش دەزانن کە هەڤال مام جەلال قسەیەک دەکات زۆر پێش دەربڕینی دیراسەتی دەکات و کاتیک دەزانێت کە لە بەرژەوەندی گەلی کورد دایە ئینجا دەیکات خۆ ئەگەر کەس لا مام جەلال تینەگات ئەوا ئیوە لە هەموو کەس زیاتر شارەزای ئەو سەرکردە میژووییەن، کە لەو تەمەنە دا باشترین خزمەت دەگەیەنێت بە گەل و نیشتمانەکەی باشە بە رای ئێوە باشترە مام جەلال بێت دابنیشێت لە کونجی ژوریک چاوڕوانی مردن بکات یان سەرۆکی کۆماری ئێراقی فیدراڵ بێت؟؟ کامیان باشترە وا بەو هەموو کەسە لە پێش دوژمنان وەستاون و بەرگری دەکەن ئینجا دەبینین ڕۆژانە دوژمنانی گەلەکەمان خەریکی داڕشتنی پلانە گڵاوەکانیانن بۆ ئەوەی نەیەڵن کورد بگات بە مافی ڕەوای خۆی، بێشە ئەوە بێشترە کە کورد لە ناو دەسەلاتی ئیراقدا دەوری هەبیت یان بارگەیان بپێچنەوە پەڕلەمان و حکومەتی ئیراق جێ بهێلن ئەو گەلە ستەملێکراوە تەسلیم بە قەدەر بکەن، بەڕێزان تۆزێک بە قوڵتر بیر لە مەسەلەکان بکەنەوە ئینجا بریاری کۆتایی حوکمی خۆتان لە سەر بدەن، ئەوەشتان لە بیر نەچیت کورد لە بەغدا بێت یان نەبێت کوردستانی ئێراق بە فەرمی و بە بڕیاری نێو نەتەوەیی پارچەیەکە لەو وولاتەی کە پێیێ دەڵێن ئێراق. کەی دونیا دانی بە سەربەخۆیی کوردستانی باشور نا ئەو کاتە دەڵێین دەبڕۆ حەوت بەردت لە دوا بێت هیچ خێرمان لەو ئێراقە نەدیت ڕۆژێکی خۆشمان تیا نەدیت، ئۆخەی کە یەخەمان لە یەخەتان بوەوە، بەڵام هەتا ئەو ڕۆژە دێت ئیمە هەرچی بیڵێین ئاسنی سارد کوتانەوەیە، قسەی فشی پشتی کۆمپیوتەرەکانە، دورکەوتنەوەیە لە هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر، بۆیە پێویستە ئێمە هەموومان لە خەباتێکی نەپساوەبین دژ بە دوژمنانی گەلەکەمان لە هەموو جەبهەکان هەتا دەگەین بەو ڕۆژە پیرۆزە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

1-10-2007 17:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کۆنگرەی سێی یەکیتی بکریت یان نەکریت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئێوە موراهەنەتان کرد لە سەر هەڵبژاردن دەست بەتاڵ مانەوە بۆ ڕیس چون سمێلیشتان خستە بانەوە، ووتتان پلینۆم بکرێت ئەویش کرا هیچ لە ڕەوشەکە نەگۆڕا، ئێستا تەنها وەرەقەی کە لە دەستتان ماوە ئەویش کۆنگرەی سێیە ئەگەر نەمرین ئەویش دەبینین کە بەهیج شێوەیەک لە زەرەر زیاتر هیچی تر بۆ ئێوە نامێنێتەوە، جا بەگوێی من دەکەن واز بینن باشترە با زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە بە قازانج حیسابە ئەوە من پێم ووتن جا ئیوە کەیفی خۆتانە، دوایی با وەکوو کابراتان لێ نێت، دەبێ بە بنکرەکەش ڕازی بن عارەب ووتەنی دەبێ مەمنون بن وەکی خۆی لێبێتەوە (کەمان عەلێها بۆسە)، کاکی خەون گێرەوە دەڵێ کە لە خەوەکەم هەڵسام هەموو لەشم یەک پارچە ببو بە ئاو پرسیار دەکات دەڵێ کی هەیە بزانێت بۆ وام بەسەر هاتوە، بەڕێز من وەڵامت دەدەمەوە لە گەڵ ڕێزمدابۆ خوینەرە بەڕێزەکان ئەویش ئەوەیە لەبەر ئەوەی جەنابت لە خەونەکەت لەناو کۆنگرەی سێ دابویت هەروەکوو خۆت دەفەرمووی هێندە چەپڵەت لێداوەو بە کەیف بویت، هە ندی کەسیش هەیە کە دەکەوێتە ناو خۆشیەکی زۆر یان ترسێکی گەورەی توش دەبێت دەمارەکانی لەشی هەموو خاو دەبنەوە جا کۆنترۆلی خۆیان لە دەست نامینێت یان دهست دەکەن بە گریان وەیان ئەگەر وەکوو جەنابت ئاسا شەو پێش نوستن ئاویان زۆر خواردبێتەوە، ئەوە بە هۆی شل بوونی دەمارەکانت بێ ئەوەی هەستی پی بکەیت کوندەیەک میزت کردوە بە خۆتا بۆیە هەموو لەشت بووە بە ئاو، ئەوەیە تەفسیری خەونەکەت کە داوات کردبوو وەڵامت بدرێتەوە کە منیش لە کیتابی خەونامەیەک خوێندومەتەوە. بژی کوردو کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.